# کشانەوەی ئەرتەشەکانی تورک و هاتنی دیک چینی



سکرتێری نووسیاری

لەماوەی رابردوو، هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک گۆڕانکاری خێرای بەخۆوە بینی، لە هێرشکردنی ئەرتەشەکانی تورک بۆ نێو خاکی کوردستان، بەبیانووی راوەدوونانی چەکدارانی پێکەکە و پاشان کشانەوەیان بەهۆی ئەو فشارە کوردستانیی و نێودەوڵەتییەی لەسەری دروستبوو، کشانەوەیەک کە نەک هەر ئامانجی خۆی نەپێکا، بەڵکو گومانێکی تەواوی خستە سەر ئۆردوگانی سەرەک وەزیران و ئانت بیوکی سەرۆک ئارتەشی ئەو وڵاتە، بەجۆرێک ماسمیدیای تورکیا، ئەو کشانەوەی بە شکستێکی مەزن لە دیرۆکی ئەو وڵاتە هەژمارد، بەتایبەتی قسە و قسەڵۆکێکی وەها خرایە بەرباس، کە ئەمەریکا فشاری خستبێتە سەریان بۆ کشانەوە، ئەمە وای لە کەسێکی وەکوو بیوک کرد، کە دوو تەسریحی زۆر ترسنۆکانە بدات، لە یەکیان گوتی" ئەگەر دڵنیا بم کە ئەو کشانەوەیان لەسەر بنچینەی داواکاری و فەرمانی ئەمەریکایە، ئەوا جلە سەربازییەکەم دەدڕێنم" و لە وەڵامی فشاری نەتەوەپەرستەکانیش بۆ بیانووی کشانەوە، گوتی " ئەوە چیتانە، گەر راست دەکەن، فەرموون بیست و چوار کاتژمێر، لەژێر ئەو چیا سەختە بەفراوییانە بمێننەوە".

ئەوەی بەلای ئێمەی کوردەوە زۆر گرینگ بوو، ئەوە بوو کە ئەوە یەکێک لە حاڵەتە هەرە دەگمەنەکانی سەرکەوتوویی دیپلۆماسیەتی کورد، بەسەر ملیتارییەتی وڵاتێکی بێگانە. ئاخر ئێمە هەمیشە، چەکمان بۆ بەرگری بەکارهێناوە، نەک هێزی دیپلۆماسییەت.

رووداوێکی مەزنی تر کە لە مێژووی ئێمە تۆمار کرا، ئەو سەردانە گرینگەی "دیک چینی و هاوسەرەکەی و خێزانەکەی و وەفدە باڵاکەی بوو بۆ کوردستان" و پێشوازیی لێکردنی لەسەر ئاستێکی باڵای کوردستانی، ئاخر سەردانیکردنی دیک چینی و داوەتکردنی سەرۆکی کوردستان بۆ ئەمەریکا بە بانگهێشتێکی فەرمی و ئەو پاڵپشتیانەی بۆ هەرێمی کوردستانی دەربڕی، هەر لە ماددەی ١٤٠ و گرێبەستە نەوتییەکان و فیدراڵییەت، واقیع گەلێکن زادەی حەکیمی سەرکردایەتی کوردستانیی دەگەیەنێت، لەو سەردەمە دژوارەی کە هەرێم و عێراق پێی تێپەڕ دەبن. ئەمە جگە لەوەی سیگناڵێکی زەقیشە، بەوەی ئەمەریکاش، گەر جارێک هەست بە کەمکردنەوەی پاڵپشتییەکانی بکەین، لەکۆتایی ئەو سەردانەی "دیک چینی" هەموو ئەو خەمانەی رەواندەوە و قۆناخێکی تری پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمەریکا دەستی پێکردەوە.

ئەوانەی ئێستاش لە بەغدا بە هەڵواسراوی ماون، هەر لە زووتر جێبەجێکردنی ماددی ١٤٠ و ساخکردنەوەی تەواوی گرێبەستە نەوتییەکان و وەرگرتنی مافی تەواوی کورد لە بودجەدا، هەرچەندە ئەوەی دوایی، بە یاسا پەسەند کرا و ١٧% ەکەش وەکو خۆی جێبەجێ بوو، لێ زەروورە، کورد لەو قۆناخە و هەنگاوەکانی تری داهاتووش، هەنگاوەکانی پرۆگرامسازانە بهاوێژێت و لە هەموو جوڵەیەکی خۆی و ئەوانی دیکەش، هاوسەنگی هاوکێشەکان رابگرێت و جەخت لەسەر ئەندامانی هاوپەیمانی بکاتەوە لە بەغدا، کە بە نەفەسێکی چالاکانەتر کار بکەن، بۆ سەرخستنی بەرژەوەندییەکانی کورد، لە کۆی مەسەلە هەڵواسراو و چارەنووسسازەکاندا.


rawezhgovar@yahoo.com